KURDISTAN NET کوردستان نێت

# نامەیەک بۆ مامۆستام محەمەدی مەلا کەریم

حەمەسەعید حەسەن

مامۆستا گیان، تۆ نیگەرانی ئەوەیت، هیچ کام لە گەورەپیاوانی دوو حیزبە گەورەکەی باشووری کوردستان، ئامادەی کۆڕە شیعرییەکەی شێرکۆ بێکەس کە دوای هەشت ساڵ دابڕان، لە هەولێر گرتوویەتی، نەبوون،«*» دەزانیت ئەو نیگەرانییە، پێش ئەوەی نیگەرانیی تۆ بێت، هی خودی شاعیری کۆڕگێڕە.

مامۆستا گیان مێژووت شایەتە لە کن تۆ شاعیر کەسێکە، شیعر بۆ خەڵکانی چەوساوە بڵێت، نەک بۆ گەورەپیاوان. تۆ کە دڵنیام شاعیر بە کەسێک دەزانیت، قسەی ناخی گەل بکات، دەبوو ئەو کاتە نیگەرانیت نیشان دابا، کە دیتبات گەل نەک گەورەپیاو، پشتی کردووەتە شاعیرێک کە شاعیری خۆیەتی.

مامۆستا گیان، من لە تۆوە فێر بووم کە گەل دوو جۆرە، چەوساوەکان و گەورەپیاوان، کەچی جێی داخە، وا پێ دەچێت، هەنووکە خۆت ئەو دەرسەت لە بیر چووبێتەوە! من چاوەڕێی ئەوەم لە تۆ دەکرد، بفەرموویت: شاعیر کەسێکە، شیعری خەو لە چاوی گەورەپیاوان بزڕێنێت، نەک ئەوەی گەورەپیاوان بە شیعری سەرسام دەبن، چەپڵەی بۆ لێ دەدەن و شاباشی دەکەن.

مامۆستا گیان، ئەو کۆڕەی شێرکۆ بێکەس ئەم هاوینە لە هەولێر گێڕای، نە هەڵوێستێکی شاعیرانە بوو، نە ڕچەشکاندن. شاعیری ڕچەشکێن، دەستپێشخەری دەکات، شوێنپێی ئەم گەورەپیاو، یان ئەو حیزب هەڵناگرێت. بارزانی و تاڵەبانی لە واشینگتۆن، لە پاییزی ١٩٩٨دا، لەبەردەم مادەلین ئۆڵبرایتدا دەستیان نایە نێو دەستی یەکدی، شەش ساڵ دوای ئەو ئاشتینامەیە، شێرکۆ بێکەس سەر لە پیرمام دەدات و کۆڕ لە هەولێر دەگێڕێت! حەیف و مخابن، ئەو هەڵوێستە کە زادەی گەڕانە لە دووی بەرژەوەندی و ڕووناکی، بە ڕچەشکاندنی شاعیرانە نێوزەد دەکەیت.

مامۆستا گیان، ئاخۆ نازانیت، ساڵانی شەڕی نێوخۆ، ئاگری شەڕ لە کوێ بووایە، بەنزینی شیعری شێرکۆ بێکەسیش لەوێ دەبوو؟ ئاخۆ نازانیت ئەو هێندەی پێی دەکرا، ئاگری شەڕی براکانی گەرمتر و خۆشتر دەکرد؟ ئاخۆ نەتژنەوتووە، ئەو لە نێو گەلدا، بە شاعیری دەرباری تاڵەبانی ناسراوە؟ ئایا نازانیت، ئەوە عەبدوڵڵا ئاگرینی کۆنەوەزیری دەرباری سەڵتەنەتی بارزانی بوو، شاعیری قەڵاچوالانی گەیاندە پیرمام؟ ئایا نازانیت، لە سۆنگەی چییەوەیە، کۆڕی شیعری عەبدوڵڵا پەشێو جمەی دێت لە شیعردۆست و ژمارەی ئامادەبووانی کۆڕی شیعری شێرکۆ بێکەسیش، نوێژی هەینیی پێ مەیسەر نابێت؟

مامۆستا گیان، گلەییەکی دیکەشم لێت هەیە، تۆ ئەدیبێکی گەورەیت، گەلی کورد بە دەگمەن ئەدیبی وەک تۆ مەزنی تێدا هەڵکەوتووە، بەوە بچووک بوویتەوە کە خەڵاتی ئیبراهیم ئەحمەدی ئەندازیاری شەڕی براکوژیت وەرگرت.

2004. 08. 01

«*» محەمەدی مەلا کەریم، شێرکۆ شاعیرانە ڕچەی شکاند، ئاسۆ، ل١٤ ژمارە (١٦) سلێمانی ٢٠٠٤/٧/٢٧